KURDISTAN NET کوردستان نێت

# خاتری خاتران

**ئازاد جەلال**

سەرکردەسیاسیەکانی کورد باش شەرەفنامەیان خوێندوەتەوە بۆ یە دوای چوار ساڵ پەندو وانەی لێ وەردەگرن و لە ژیانی سیاسیاندا رەنگ دەداتەوە، لەبەر خاتری خاتران جەنگی (P.K.K ) کراو کوشتن و کوشتار درا، لەبەر خاتری خاتران بنکەو بارەگاکانی (دیمو کرات) لە کۆیە تەفرو توناکران، هەر لەبەر خاتری خاتران و بۆ ڕازی کردنی دڵی برایانمان لەباشوور شاندێك لەیەکێتی زانایان بەڕێ دەخرێ و جوانترین هونەری ڕازی کردن دەگرێتەبەر تا تەنها وێنەیەکیان لەگەڵدا بگیرێت و وەك دەسکەوتێکی گرنگ پێمان ڕەوا ببینن .

هەروەك ئەمە یەکەم تۆماربوو لە مێژوی نوما هێندەی نیرڕاودا ، بەڵام هونەرێکی کۆنترە بۆ کوردو ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی چاڵدێران ئەوکاتەی لەساڵی (١٥١٤) ، کێ بڕکێی عوسمانی و سەفەوی بوو زۆر میرنشینی لە کوردان رەنجان، ئەمڕۆ دیسانەوە بەزمانێکی تر لە چوار چێوەێکی نوێدا زمانێك بەکار دەهێنرێ کەلە ناوەندە رۆشنبیریەکەدا بەدبلۆماسی ناوزەد دەکرێ، ئەمەریکیەکان نەیان توانی تەنها وێنەیەکی فۆتۆی سیستانی بگرن، عیراقیە عەرەبەکانیش هەر نەیان توانی کورد زۆر لێزانانە توانی وێنەکە بهێنێتەوە کوردوستان و پەخشی بکات.

هەرلەبەر خاتری برایانمان لەناوەڕاست ڕاگەیاندنی کوردی یاری بەزاراوە بەکار هاتوەکان دەکەن ، لە ڕاگەیاندنەکاندا تادوێنێ فەلوجە پڕبوو لە تیرۆرست بەڵام ئەمڕۆ چەکداری نەناسراون و دەجەنگن،

خاتری تورکیاشمان گرتوە ئەوە هەر باسی ناکرێت، تەنها بەعسیەکان ماون کە پێدەچێ لەگەڵ عەشیرەت و بنەماڵەکاندا خۆیان یەك خستبێ و هەر لە نێو دامودەزگاکاندامابن، کێ دەڵێ لەگەڵ ئەو وەفدەی کەلەگەڵ سەرۆك کۆماری عیراق ڕۆژی شەممە(٢٠٠٤/٧/٢١)سەردانی هەڵەبجەیان کردبەعسیەکی تیانەبووە، نەبا دڵی گەرد بگری باشترە کە ئەو قەتعەی کەلە دەروازەی شار دەبینرێ و لەسەری نوسراوە (ممنوع للدخول البعثيين)داپۆشرێ تاوەفدەکەدەگەڕێتەوە ، قەیدی چییە ئەمەش لەبەر خاتری ئەوانە؟هەر وەکوچۆن لە بەر خاتری خاتران لە کوردستانیی بوونی کەرکوك بێدەنگ بووین .